# ئەقڵ یا دڵ؟ (بەشی دووهەم و کۆتایی)

**ئەیوب رەحمانی**

**٣٠ی جۆزەردانی ٢٧١٢**

ئەخیر پرسیارەکانی کە لە کۆتایی بەشی یەکەمی وتارەکە بە تەواوی ولامیان پینەدراوە، ئەمانە بوون کە ئایا مرۆڤ ئەتوانێت پێش بە ئاڵ و گۆڕ بگرێت و ئایا داهاتووی مرۆڤایەتیی بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات، دڵگەرا دەمێنێتەوە یا خۆ ئەقڵگەرایی ئەگرێتە پێش؟ دیارە من هەوڵ دەدەم ڕای خۆم، کە من کامەیانم پێ باشتر یا خراپترە، باس نەکەم و حەول بەم بێلایەن بمێنم، بەڵام نازانم بێلایەنی من لەم وتارەدا تا چەندە سەرکەوتوو دەبێت!

لە بەشی یەکەمدا جەختم لەسەر بوونی ئاڵ و گۆڕ هەر لە ئۆرکناڵەوە تا ئێستا کە ژیان لە سەر زەوی هەیە، کردەوە. ئەم ئاڵ و گۆڕ پێهاتن و پێکردنانە بەشێکی بە هۆی ئاڵ و گۆڕ پێهاتنی شوێن و پۆزیسیۆنی ئێمە (زەوی) لە گەردووندایە کە دایمە لە دوور کەوتنەوە لە گالاکسیەکانی دیکەدایین و ئەویش ئاڵ و گۆڕ بەسەر سرووشتدا دێنێت کە ڕاستەوخۆ و بە بێ ئیرادەی خۆمان کارتێکەری لەسەر ئێمە هەیە و بەشەکەی تریش ئاڵ و گۆڕگەلێکە کە خۆمان پێکمان هێناون، وەک تێکنۆلۆژیا و زانست و هتد و ئەمانەش بە هۆی ژیر و ژیرتر بوونەوەمانە. ستیفن ستێرس ( Stephen Stearns, Evolution لیکۆڵەری تەکامول یا تەکامولناس لە دانشگای یاڵە لەمبوارەدا دەڵێت: (Forscher, Yale Uni "هیچ هۆیەک بۆ ئەوە نییە کە ئێمە وای دابنەین کە مرۆڤ دەست لە پێشکەوتن و پێشبڕکێ و خۆ گەشەپێدان لە داهاتوودا هەڵدەگرێت و ڕادەوەستێت، بەس تەنیا دیارنییە کە ئێمە خۆمان چۆن دەگۆڕین و بەرەو کوێ دەچین!" کەسانێک بڕوایان وایە کە تەنیا شتێک کە ئێمە ئەتوانین بە دڵنیاییەوە جەختی لەسەر بکەینەوە ئەمەیە کە قۆناخی هۆمۆ ساپیەنەکان (Homo Sapiens) لە باری زەمەنییەوە سنووردارە و ڕۆژێک هەر دێت کە کۆتایی پێ بێت، جا ئەو سەردەمە زوو دەگات یا زۆر درەنگ دیار نییە و بۆ کەس نەناسراوە! شارەزایانێکی دیکەش دەڵێن قۆناخی بوون و ژیانی هەر جۆرە بوونەوەرێک تەنیا یەک میلیۆن ساڵە و پاشان کۆتایی بەو جۆرە بوونەوەرە دێت، هەر وەک چۆن کۆتایی بە دایناسۆڕەکان هات و بەم پێیەش ئێمە بە مرۆڤ و ئاژەڵەوە لە سەر زەوی کە دووسەدهەزارساڵە دەژین، کەواتە هێشتا هەشتسەدهەزار ساڵی دیکەمان کات ماوە!! (تەقریبی و ڕێژەیی)

ئەمڕۆ ئیتر تێکنۆلۆژی ئێمە هێندە چۆتە پێشەوە کە کەسانێکی زۆر پسپۆڕ و شارەزا لە بوارە جۆربەجۆرەکانی تێکنیک و فەلسەفە و کۆمەڵناسی و هتد. کەوتوونەتە شک و گومان لەوەی کە ئەسڵەن

"من" بوونی هەیە یا نییەتی؟ ئایا کاتێک فەیلەسووفی فەڕانسەیی ڕێنە دیکاڕت (١٦٥٠-١٥٩٦) وتی "من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم" و ئەمە تا بە ئەمڕۆش وەک قەبوولکردنی "خوود" جێ کەوتووە، ئایا قسەی قۆڕی نەکردووە؟ ئەمانە کۆمەڵێک پرسیاریان هێناوەتە پێش: کە ئایا ئێمەی مرۆڤ تەنیا سیمولاسیۆنێکی گرافیکیی نێو پرۆگرامێکی یاریی کۆمپیوتریی نین، کە بوونەوەرانێکی زۆر شارستانییتر و لە ئێمە ژیرتر و شارەزاتر خەڵقیان کردبین و کەسایەتییگەلی کازبیان بۆ درووست کردبین و باوەڕیان خستبێتە مێشکمانەوە کە "ئێمە" هەین و مرۆڤمان ناوە؟ ئێمە لەم حاڵەتەدا ئەگەرچی وادەردەکەوێت کە وەک مرۆڤێکی خاوەن "من" و خاوەن کەسایەتیی، لەمەڕ بوون و نەبوونمان کۆمەڵێک بیر و هزرمان خووڵقاندووە و هێناومانتە ئاراوە، بەڵام ئایا چارەنووسیشمان لە چنگ خۆماندایە؟ یا لە دەست پرۆگرام نووسەکە یا پرۆگرام نووسەکاندایە کە ئێمەیان لەم یارییەدا سیمووڵاندووە؟ مرۆڤ ئەمڕۆ بۆخۆی بە کۆمپیوتر وەها یاریگەلێک و سیمووڵاسیۆنگەلێکی درووست کردووە، کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پێشکەوتووتر دەبن و واقیعیتر دەنوێنن. پرسیار ئەمەیە کە ئایا ئەو کاراکتێرانەی ناو یارییەکانی ئێمەش، وەک ئێمە هەست بە کەسایەتیی و بوونی خۆیان دەکەن و خاوەن "منی" خۆیانن؟ ئەگەر ئێستا نایکەن، لە داهاتوودا چی؟ ئایا ئەوانیش دەزانن کە ئێمەی مرۆڤ ئەوانمان خەلق کردووە و خوودای ئەوانین؟ پێدەزانن؟ هەستی دەکەن؟ ئایینگەلێکی ئاسمانی بۆ پەرەستنمان دەخووڵقێنن؟ چارەنووسی خۆیان دەگرنە دەست و خۆیان لە کۆیلایەتیمان ڕزگار دەکەن و لە دژمان ڕادەوەستن؟ فەیلەسووفی سۆئێدی دانیشتووی ئینگلیس نایک بۆستڕۆم (Nick Bostrom) لە زانستگای ئۆکسفۆرد، ئەم گریمانە و ئیحتماڵەی کە ڕەنگە ئێمە لە سیمولاسیۆنێکی کامپیوتریی بوونەوەرانێکی دیکەدا بژین، بە ئیحتماڵێکی مەعقوول و پلاوزیبل دەزانێت! ئەم ئیحتماڵە بۆ پرۆفسۆر ڕۆبین هانزن (Robin Hanson) لە زانستگای جۆرج مازۆن لە فایرفاکسی ڤیرجینیاش هەر قابیلی قەبووڵ و تێڕامانە و ناوبراو دەڵێ: "کۆمەڵێک سیمولاسیۆنی بچکۆلە لە پاڵ یەکدا لە واقیعیتر دەچن تا یەک سیمولاسیۆنی زۆر گەورە و نایشی شارێتەوە کە ئەو، ئەو گریمانەی کە خۆی وەک بوونەوەرێکی ئاگاە لە نێو سیمولاسیۆنێکی ڕێئالکراودا بژی، پێی مەعقوولە"! کەواتە ئەبێ ئێمە ئەمەش بزانین کە مرۆڤ ئەمڕۆ تێکنۆلۆژیگەلێکی بەدەستەوەیە کە دیکارتی فەقیر لە سەرەتای سەدەی حەڤدەدا لە خەونیشدا پێی وانەبووە مرۆڤ ڕۆژێک، سێسەد ساڵێک پاش ئەو، دەستی بە شتی وا بگات! ئێمە ئەمڕۆ دەتوانین جەرەیان و شەپۆلی ئێلێکتریکی مەغزیی خۆمان و هی بوونەوەری دیکەش ئەندازە بگرین، تا ئەو ئاستە! هەر بۆیە زۆر لە عەسەب ناسان پاش ئەم ئەندازە گرتنە بەو ئاکامە گەیشتن کە قسەکەی دیکاڕت "من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم" زیاتر لە خەیاڵ و ئیلۆژیۆن دەچێت تا واقیعی! هەر لەمبوارەدا پاول سکۆکۆوسکی فەیلەسووف (Paul Skokowski) لە دانشگای ستانفۆڕدی کالیفۆڕنیا دەڵێت: کە "ئەو خۆی و هەموو کەسێکی دیکەش، واتە هەمووومان، تەنیا کۆیلەی هزر و بیروباوەڕی ناو مێشکی خۆمانین!" ئەمباسەش درێژە و با بمێنێت لێرە، تا مەجالێکیتر، بەڵام:

لەوانەی سەرەوە بەدەر، وەک دەزانین و دەبینین کە مرۆڤ ئەمڕۆ هەر بە هۆی ئاڵ و گۆڕ بەسەرهاتندا و بە ئیرادەی خۆی دەستی بە تێکنۆلۆژیگەلێکی زۆر پێشکەوتوو لەبوارگەلی نانۆ تێکنۆلۆژی و ڕۆبۆتیک و بیۆتێکنۆلۆژی، وەک زۆر بواری دیکەش گەیوە و ئەمەش هەمووی لە سەدەی هەژدەوە بەملاوە و لە شۆڕشی سەنعەتی بریتانیاوە دەستی پێکردووە (دەستەواژەی شۆڕشی سەنعەتی یەکەمجار لە ڕۆژنامەی فەڕانسەیی مۆنیتۆر یوونیڤێرسێل (*Moniteur Universel*) لەساڵی ١٨٢٧ (بیستەکانی سەدەی نۆزدە) بەکار هێنراوە و دە ساڵ دواتر لە ساڵی ١٨٣٧ لە ڕاپۆرتێکی ئادۆلف جێرێمی بلانکۆدا بەکار هێنراوە و دواتریش وات و ئاڕکرایت بەکاریان هێناوە و ئیتر تا بە ئەمڕۆ جێکەوتووە و دەستەواژەکەش لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی فەڕانسەوە وەگیراوە، بەڵام شۆڕشی سەنعەتی خۆی زووتر، واتە لە نیوەی سەدەی هەژدە بەملاوە دەستی پێکردووە) و ساڵەکانی سەرەتا هەندێک بە خاوی و هێواشی دەچووە پێش و بەڵام لە بیست–سی ساڵی ڕابردوودا، لە پاش کۆتایی شەڕی سارد و یەک قووتبی بوونەوەی جیهانی سیاسی ئەوکات، وە سەرهەڵدان و گەشە کردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینتێرنێت، ئیتر گەشە کردنی تێکنۆلۆژیی بە خێراییەکی بێ وێنە دەچێتە پێش. لێرە کارم بەمەش جارێ نەداوە کە ئەم پێشکەوتنە بە چ نرخ و بەهایەکی گەزاف لە سەر سرووشت تەواو بووە، چوون ئەمەش بۆخۆی باسێکی گەورە هەڵدەگرێت و پێشتریش لەسەر ئەو بابەتە نووسیومە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا مەبەستی باسەکەی منە ئەمەیە کە ئەم پێشبڕکێی زانیاری و تێکنۆلۆژیایە، کە کورد لێی بێ بەشە، سەری ڕاوەستانی نییە و گەیشتۆتە ئاستێک کە زانایان بیر لە درووستکردنی مرۆڤی سناعی و کۆپیکراو دەکەنەوە! ئەمە چیرۆک و ڕۆمان و فیلمی عیلمی تەخەیولی یا ساینسفیکشن نییە، بەڵکوو عەینی حەقیقەتە!

کەواتە تێکنۆلۆژی کە مرۆڤ خالقیيەتی هەروا خەریکە سنوورەکان دەبەزێنێت، یاسا نوێکان دەخوولقێنێت و یاسا کۆنەکان دەشکێنێت. بەو هۆیەشەوە و بە هۆی ژیرتر بوونەوەی مرۆڤ، مرۆڤ تا دێت بەرزەفڕتر، پڕ ئیدیعاتر، بەهێزتر و هتد و هاوکات بێڕەحمتر و لە عەینی حاڵدا و بە سەرسووڕمانەوە لە عەینی بێ ڕەحمتربوونەوەدا "ناتووندوتیژتر"یش دەبێتەوە!! (دیارە هەمووی ڕێژەییە). مرۆڤی ئەمڕۆ لە توانایدا هەیە دەسکاری ژنێتیک بکات و بوونەوەری سەیر و عەجایەب بخوولقێنێت، دەتوانێت دەسکاری ژنێتیکی ئاژەڵ بکات و ئاژەڵی ژیر بخوولقێنێت، بەڵام جارێ دەستی لەمانە ڕاگرتووە و زۆر بە ئیحتییاتەوە لەو زانستە چۆتە پێش، بۆ ئەوەی دەترسێت لەوەی کە سبەینی شەریک لە سەر زەوی بۆخۆی بخوولقێنێت!! ئەگەر چی کەسانێک لەگەڵ ئەمەدان کە مرۆڤی سیناعی بۆ کەشفیی هەسارە و گالاکسییە دوورەدەستەکان درووست بکرێت. ئەوان هۆکاری ئەم پێ باش بوونە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە، کە ئەگەر ئێمە، مرۆڤی سیناعیی (ڕۆبۆتیکی) بێ هەست درووست بکەین، ئەو مرۆڤە سیناعییە ڕەنگە هەست بە سەرما و ئازاریش نەکات و مردنیشی ئاسایی بێت، بۆیە بوونیان و ڕەوانە کردنیان بۆ فەزای دوور کە هەم ساردە و هەم مەتەرسیی زیندوو نەمانیان لەسەرە، بە قازانجی مرۆڤە! ئەمڕۆ مرۆڤ بە پشتبەستن بە زانیاریی ژنێتیکی بە تەمایە ئەندامانی لەش درووست بکات، سلوولە

بنەڕەتییەکان بپارێزێت و لە بانکی تایبەتی هەڵگرتنی سلول هەڵیانگرێت و هەرکات خاوەنەکەی پێویستیی بە پێست و دەست و لاق و یا هەر ئەندامێکی دیکە بوو، لە ڕووی سلول و ژنێتیکی خۆیەوە بۆی درووست کەنەوە! بە گشتیی مرۆڤ دەیەوێت خۆی نەمر کات و تەمەنی هەتایی بۆخۆی مسووەگەر کات! ئەمانە هەموو لە بواری پزشکی و ژنێتیکەوەیەن، دیارە لە بوارەکانی دیکەی زانست و تێکنۆلۆژیاشەوە مرۆڤ هەر ڕانەوەستاوە و بە خێرایی دەڕواتە پێش. تێکنۆلۆژیای ئینفۆڕماتیک و ئێلێکترۆنیک ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ گەشەی زیاتر دەکەن، هەسارە ناسی و دۆزینەوەی گالاکسی و مەنزوومەی نوێ لە گەردوون لە ترێند و گەشەدان و مرۆڤ هەر بە شوێن دۆزینەوەی بوونەوەری دیکە، لە فەزای نەک زۆر دووردا، بەڵکوو دەور و بەر، دەگەڕێت. هاوکات مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی هەسارەگەلی دیکەی قابیلی ژیان، کە داگیری بکات، بێوچان هەر لە گەڕاندایە و بۆ ئەو مەبەستانەش سەرتاسەری پشت جەوی ئاسمانی بە سەتەلایت وەک تان و پۆی جانجالۆکە تەنیوە و لەم سەتەلایتانەش سیستەمەکانیش ئیستفادە و سووئیستفادەی خۆیان لە قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان بە باشی دەکەن و هتد!

هەموو ئەم هەوڵ و تەقەلایانەی مرۆڤیش بۆ تموحی زیاتر، بە گشتیی ژیانی مرۆڤی لە سەر زەوی، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ سەنعەتیتر و مەجازیتر کردۆتەوە و پەیوەندییەکان بە تایبەت لە وڵاتانی گەشە سەندوو و نیوە گەشە سەندوو کە زۆرینەی دانیشتوانی زەوی پێک دێنن بوونەتە ئیتێرنێتیی، بە جۆرێک کە لە ماڵەوە بە تەنیان و بە شێوەی مەجازی لەگەڵ خەڵکانێکی زۆر، ناسیاو و نەناسیاو لە پەیوەندیی مەجازیدان و ئەمانە هەموو کارتێکەری خێراتر لەسەر مرۆڤی ئەمڕۆ و داهاتوو دادەنێن. مناڵانی ئەمڕۆ لەگەڵ کۆمپیوتر گەورە دەبن و خوو بە یارییە جۆربەجۆرە (سیمولاسیۆنە) کامپیوترییەکان دەگرن و لەگەڵیدا گەورە دەبن و هەموو ئەمانە وا دەکەن کە پەیوەندییە سۆزدارییی و هەستیارییەکان لاواز و لاوازتر ببنەوە و ئەمەش کاری دڵ و دڵگەریی زەحمەت و دشوارتر دەکەنەوە، بێ ئەوەی بمانهەوێت یا نەمانهەوێت، وەزعەکە لە ئیرادەی گشتیی تا ئاستێک چۆتە دەرەوە و لە داهاتووشدا زیاتر لە کۆنتڕۆڵ دەردەچێت! ئەوانەی ڕەنگە لە داهاتوودا زۆر زەرەر بکەن و لە وەزعەکە وەدووا بکەون، دڵگەراکانن بە تایبەتیتر ئەوانەی لە نۆڕماڵ زیاتر دڵگەرا و عاتفی و هەستیار و خەمخۆرن!!

لە باری سرووشتیی و ناخودئاگای مرۆڤەوە ئەگەر چاوی لێبکەین، ئێمەی مرۆڤ تایبەتمەندییەکمان هەیە کە هەزاران ساڵە (٢٠٠،٠٠٠ ساڵ) ڕەگەزمانی لە تووانەوە و ئینقراز پاراستووە و ئەویش تایبەتمەندی خۆ گوونجاندنە لەگەڵ سرووشت بۆ زیندوو مانەوە. وەک پێشتر وتبووم، هەسارە و گالاکسییەکان دایمە لە لێک دوورکەوتنەوەدان و بەم پێیەش زەوی ئێمە دایمە لە ئاڵ و گۆڕ و گەڕاندایە، ڕەنگە زەوی لە خۆر دوور بکەوێتەوە یا نەخێر نزیک بێتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە سەلماوە کە گالاکسی و مەنزوومەی خۆریی ئێمە لە گالاکسییەکانی دیکە بێوچان دوور دەکەوێتەوە و هەتا زەمەن زیاتر تێدەپەڕێت، ئێمە لە بۆشایی ئاسمان و گەردووندا تەنیاتر و ئیزۆلەتر دەبینەوە! ئەم ئاڵ و گۆڕانە

زۆر بە وردی دەڕۆنە پێش و ڕاستەوخۆ کارتێکەریی زۆر هێواشی لەسەر گۆڕانیی سرووشت و ئاو و هەوای زەوی هەیە و مرۆڤیش کە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆگوونجاندنە لەگەڵ سرووشت بۆ زیندوو مانەوە، کەواتە ئەویش خۆی دەگۆڕێت و دەگوونجێنێت، چوون ئەیەوێت زیندوو بمێنێت، بەڵام زۆرجار بێ ئەوەی بۆخۆی ئاگادار بێت یا بۆخۆی کارێکی بۆ کردبێت. ئەم ئاڵ و گۆڕانە لە مرۆڤدا، بە شێوەی ناخودئاگا بەرەو "ئەقڵگەرایی‌یمان" دەبات! ئەمەش بە جێگای خۆی کە سەنعەتیی بوونەوەی مرۆڤایەتیی و سووتاندنی کانە فوسولییەکان وەک نەوت و گاز و درووست بوونی گازە گووڵخانەییەکان و گەرم بوونیی زیاتری زەویی و درووستکردن و تاقیکردنەوەی چەکە ناوەکییەکان و بڵاوبوونەوەی تەشەعشووعاتی ڕادیۆئاکتیڤ و هتد، هەموو ئەمانەش کارتێکەریی ڕاستەوخۆیان هەم لەسەر سرووشت و ژینی سەر زەوی و هەم لەسەر مرۆڤایەتیش داناوە و لە داهاتووشدا هەر بەردەوام دەبێت و ئەمانەش خۆیان هۆکارگەلێکن بۆ ئاڵ و گۆڕ بەسەر هاتنی مرۆڤ و مرۆڤایەتیش!

ژیان لە هیچەوە پێکهات (دیارە ئەگەر نەبوونی ژیان لەسەرەتاوە بە هیچ بگرین و تەقینەوەی ئەوەڵ بە حیساب نەهێنین!) و بوونەوەران و پاشانیش مرۆڤی ئاقڵ هاتنە بوون و بە گەشەی ژیری و وشیاری زیاتری مرۆڤ، بەمرۆ گەیشتووین و بە گەشەی زیاتری ژیریی مرۆڤیش لە داهاتوودا بەرەو ئاقارگەلی دیکە دەچین. لەمبوارەدا هەرکەس دەتوانێت کۆمەڵێک شت بۆ داهاتوو لە مێشکی خۆیدا تەخمین لێبدات، کە بەرەو کوێ دەچین! من چەند نموونەگەلێکم لە هەر دوو بەشی توێی وتارەکەدا باس کردووە کە لە فیلمی عیلمی تەخەیولی دەچن بەڵام ڕاستن و دەشتوانم چەندین نمونەی دیکە باس بکەم بەڵام لێی دەگەڕێم و تەنیا ئاماژە بە وتەیەکی فیئۆدۆر میخایلۆڤیچ داستایوڤسکی (۱۸۸۱–۱۸۲۱) نووسەری ڕووسی دەکەم کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لە ڕۆمانی "بیرەوەرییەکانی ماڵی مردووان" یا بە فارسی "خانه اموات"دا کە لە ساڵی ۱۸۶۲ چاپ و بڵاویکردەوە ئەڵێت: "مرۆڤ بوونەوەریکە کە ئەتوانێت خوو بە هەموو شتێکەوە بگرێت و من پیموایە کە ئەم هێزی خووگرتنەی مرۆڤ بە سرووستی دەور و بەری خۆی، یەکێک لە گەورەترین خەڵاتەکانە کە سرووشت بەرۆڵەکانی خۆی دەبەخشێت". وە منیش ڕێک پێموایە کە ئەوە ئەو هێزی خۆگوونجاندنە لەگەڵ ئال و گۆڕدایە کە مرۆڤ تا ئەمڕۆ نەک هەر توانیویەتیی بەقای خۆی لە تووانەوەی ڕەگەزیی سەرکەوتووانە بپارێزێت، بەڵکوو خۆیشی کردووە بە خاوەن و حاکمی زەوی و هەموو بوونەوەرانی دیکەش. تا ئێستا وابووە و واهاتووە، ئایا ئەمە لە داهاتووشدا هەروا دەمێنێت؟ دیار نییە، چوون نازانیین چی بە سەر زەویدا دێت لە داهاتوودا. ئایا توربولێنسێکی بەهێزیی خۆریی کە هەموو سەر زەوی بە سرووشت و بوونەوەرانیشیەوە بسووتێنێت، نامانگرێتەوە؟ نازانین! ئایا بوونەوەرانێکی فەزایی زۆر لە مرۆڤ پێشکەوتووتر و بە هێزتر و تەسلیحتر هێرشمان بۆ ناهێنن لە دوورە دەستەکانەوە و زەویمان لێ داگیر ناکەن؟ نازانین و گرنگترین پرسیار، ئایا ئەگەر ئێمە کارتۆن و یا یارییەکی نێو پرۆگرامێکی کۆمپیوتەری کۆمەڵە بوونەوەرێکی دیکە بین، ئایا ئەوان ڕۆژێک دووشاخەی بەرقی کۆپیوتەرەکەیان دەرناهێنن؟ یا پرۆگرامەکە ناسڕنەوە، کە ئێمەش هەموو بە کوونفەیەکوونێک لە

ناو بچین؟ وه زۆر پرسیاری لەم چەشنانەی بێ وڵامی دیکەش! بەڵام دیارە مرۆڤ وەک سرووشتیی خووگرتوویی خۆی بە شتەکان، بێشک لەوکاتیشدا هەروا بۆ بەقا و زیندوومانەوەی ڕەگەزیی خۆی هەوڵ دەدات. بەڵام ئایا سەرکەوتوو دەبێت و ئەسڵەن دەسەڵاتی دەبێت بەرگری و مووقاومەت بکات؟ کە دیارە ئەویش نازانین و ......!

ئەوەی ئێستا ڕێئالیتە دەنوێنێ و بە ڕوونی دیارە، ئەمەیە کە ئایینە ئاسمانییەکان شکستییان خواردووە و ئاواتەکانی نیچە کە خودای مراند، وا ئیتر بەرەو هاتنە دیی چووە و وەعدە و وەعیدی بەهەشت و هەڕەشەی سووتان لە جەهەندەم هەر ئێستا جێگای باوەڕی زۆرینەی دانیشتوانی زەوی نین و بە دڵنیاییەوە جێگای باوەڕی جیلە نوێکانی داهاتووش نین و نابن. هەروەها ئایدیۆلۆژییەکان و ڕادیکالیزم و فووندامێنتالیزم جێگایان زۆر زۆر لێژ بۆتەوە و کەمتر خەڵک بەلایاندا دەچن. بە گشتیی وەزعەکە بەرەو شۆڕشێکی گشتیی ئینفۆڕماتیکی چووە و دەچێت، بە چەشنێک کە سۆزداریی لە داهاتوودا تا ئاستی نەمان دەچێت، واتە مرۆڤ بەرەو ڕۆباتیی بوون دەچێت!! ئەمەش لە پێخۆشبوون و پێخۆشنەبوون تێپەڕ بووە و دەسەمۆ ناپەزیرە!! ئایا ئەمانە چەندەی بەرهەمیی نیزامی دەسمایەداریی حاکمە و چەندەی بەرهەمیی ئەو نییە، لێرە ناخەمە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، چوونکە هەموو دەزانین کە ئەمڕۆکە چاوپۆشیی لە دەسمایەداریی و دەسەڵاتیی حاکمییەتی بەهێزی ئەو لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیی و بەسەر زەویدا، ناکرێت، بەڵام ئەمەش دەزانین کە زۆرینەی کۆمەڵگا لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتیی دەسمایەداریدان و ئەگەر ئەم زۆرینە گەورەیە بتوانێت خۆی بە شێوەیەکی ئاقڵانە و لۆژیکیانە بەسیج بکات، ئەوا دەشتوانێت وەزعەکە بە قازانجی خۆی بگۆڕێت و لە دەست دەسمایەداری دەری بهێنێت، دیارە ئەوکاتیش بەر بە ئاڵ و گۆڕ و یا پێشکەوتنیی زیاتر و یا تەنانەت بەر بە تیاچوون و تووانەوەی ڕەگەزی مرۆڤیی، ئەگەر بێتە پێش، هەر ناگیردرێت! سووسیالیزم و دونیایەکی پڕ لە عەداڵەت حاکم بێت یا نەخێر دەسمایەدارییەکی خوێنخۆر و خوێنڕێژ و یا بیلعکس!!

دیارە بۆ بەربەرەکانێش هێزی چەپ بە گشتیی لە هەموو جیهان کۆمەڵێک هەنگاوی باشی هەڵگرتووە و درووشمگەلێکی عەداڵەتخوازانەی جوانی بەرز کردۆتەوە، بەڵام کۆمەڵێکیش هەڵەی زەق و بەرچاو لە ناو چەپدا دیارن کە ڕێگرن لەمەڕ بەرەوپێشەوە چوونیی. یەکێک لەو هەڵانەی کە حەز دەکەم لێرە جەختی لەسەر بکەمەوە ئەمەیە کە چەپ هەر وەک لە مێتۆدۆلۆژی خۆیەوە دیارە و دەرکەوتووە، لە پۆل یا قووتبی دژی ئایین ڕاوەستاوە، بەڵام مێتۆد و ڕەوشتیی چەپ لەگەڵ وەزعەکە و دەور و بەری خۆی، هەر بەو شێوەیە کە ئایینیەکان دەیکەن!!! ئایینی دڵگەرایە، چەپیش هەر وایە! چەپ، سوونەتی چەپی کردووە بە ئایەی قودووس، ئایینیش هەموو بوون و وجوودی لە قەداسەتی ئاسمانیی و جادووییە، چەپ هەست و سۆزی تێکەڵ سیاسەت کردووە، ئایینیش هەر وایە، ئیسلام خۆی سیاسی دەکاتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست و کۆماری ئیسلامی دابمەزرێنێت، چەپیش دەیەوێت کۆماری سوسیالیستی

دابمەزرێنێت. بە گشتی لەمخاڵە مووشتەرەکانە لە بەینی چەپ و ئایینیەکاندا کەم نین، بێ ئەوەی ڕەخنەیەکی جیدیی لەمبوارەدا لە چەپ گیرابێت!

ڕێگا چارەی چەپ بەڵام بە بڕوای نووسەر، ئەمە نییە کە چەپ ئیلانە و بیللانە دەوڵەتێکی هەبێت و قوودرەتی مادی و نیزامی و لۆژیستیکی لەبەر دەستدا بێت بۆ ئەوەی بە شێوەی وڵاتانی سۆڤییەتی کۆن و کۆریای باکور و کوبا و هتد حکومەتی تەک حیزبیی،کومونیستی (دیکتاتۆڕی) لە وڵاتەکەی دابمەزرێنێت، چوون ئەمانە تاقی کرانەوە و شکستیان هێنا، بەڵکوو ڕێگا چارەی چەپ ئەمەیە کە بە چەکی پێشکەوتن، نەک هەر لە درووشمدا، بەڵکوو بە کردەوەش بچێتە شەڕی بەربەرەکانێی دەسمایەداریی! ئەقڵگەرایی بگرێتە دەست و لە داخی ئەقڵگەرا بوونی دەسمایەداریی، نەچێتە باوەشی ئایینەوە! واز لە هەوڵی ڕادیکاڵە کردن و بە کومونیزم کردنی کۆمەڵگا لە شێوەی ئایینی سیاسی بێنێت و لێگەڕێت لە پاش کارێکی بێوچانی بێ تەوەقووع، خەڵک بۆخۆیان بڕیار بدەن دەنگ بە کۆمەڵگا سووسیالیستییەکەی چەپ بدەن و دەستی خەڵک لە هەڵبژاردنی سوسیالیزمی عەداڵەتخواز و دەسمایەداریی خوێنخۆر ئاواڵە بێڵن! بلەخەرە مرۆڤی ژیر بۆخۆی هەمیشە باشترینەکان هەڵدەبژێرێت و ئەگەر بەم ئاکامە بگات کە لە سووسیالیزمدا ئەمنییەت و ئاسایشی خۆی و منداڵی و "بنەماڵەی" و داهاتووی تەزمینە، ئیتر پێویست ناکات بە زۆری بیکەیتە کومونیست، بەڵکوو بۆخۆی دەیبینێت و دێت و هەڵیدەبژێرێت، چوون ئاسایش و ئەمنییەت و ئازادی و دیمۆکڕاسی تێدا دەبینێت. کەواتە ئەمە کاری لۆژیکی و ئەقڵگەرایانەی بێوچانی گەرەکە! (بنەماڵەشم بۆیە خستۆتە گیومەوە، لەبەر ئەوەی کە داهاتوو ئاڵ و گۆڕیش بەسەر بنەماڵەدا دێنێت، وە خوودی فرێدریش ئێنگلسیش (١٨٩٥-١٨٢٠) وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی کومونیزم لە کتێبەکەیدا بە ناوی "منشاء خانواده، مالکیت خصوصی و دولت" لە ساڵی ١٨٤٤ لەسەر بنەماڵە نووسیویەتی، بەڵام من لێرە ناچمە سەر ئەم باسە، ئەوانەی حەزیان لە خوێندنەوەی ئەو باسەیە، کتێبەکەی بخوێننە، کامل و پوختە!)

جێی خۆیەتیی، مادام لە باسەکە کەمێک لامدا، هەندێکیش کۆمەڵگای سوونەتی خۆمان و شێوەی پەروەردەمان لە کوردستان بخەمە بەر تیشکی باس و لێکۆڵینەوەیەکی هەرچەند کورت و ئەگەر ڕەخنەگەلێکیش لەمبوارەدا هەبێت باسی بکەم. من لەسەر ئەوەی کە کورد ئەبێت دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبێت و چارەنووسی خۆی لە دەستی خۆیدا بێت، وەک مافی بێ ئەملاو و ئەولای مرۆڤیی کورد زمان لە سەر خاکی خۆی هیچ شک و گومانم نییە و پێشتریش لەسەر ئەمە زۆر دووام و ڕاکانی خۆمم بە ڕاشکاوانە نووسیون و بڵاوم کردوونەتەوە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە من ڕەخنەشم لەو کۆمەڵگایە نەبێت. کۆمەڵگای کوردیی، کۆمەڵگایەکیی یەکپارچە سوونەتییە بە داب و نەریتیی کوردانەوە، تێکەڵ بە ئایینی ئیسلام! کۆمەڵگایەک پڕ لە هەست و ئیحساسی شاعیرانە و سۆزمەند و هتد.! کۆمەڵگایەک کە بەرەو ئەقڵگەرایی کەمتر هەنگاوی ناوە و لە نێو دڵگەراییدا بێوچان شەپۆلان دەدات، بە شێوەیەک کە

حیزبە مۆدێرنخوازەکانیشی، بە هۆی خەڵکیبوون و پۆپۆلیزمییانەوە نەیانتوانیوە هەنگاوگەلێکی کارامە بەرەو هاتنەدەر لەو سوونەتگەراییە تۆخە هەڵبگرن! هەڵس و کەوتی ئەوانیش لەگەڵ زرووف، لەگەڵ وەزعییەت و ڕەوشی سیاسی ناوچەکە، لەگەڵ بوونی دیاردەی زیندانیانی سیاسی، لەگەڵ شەهید پەروەریی و هتد هەموو کەم تا زۆر جێگای ڕەخنەن و کەمتر لە جێگای خۆیاندان و درووستکردنی بوت و بە باڵایدا هەڵکووتن بۆتە کاری ڕۆژانەیان بە چەپ و ڕاستیانەوە و ئەمانە وادەردەکەون کە جارێ بەمزووانە چارەسەر ناکرێت بۆیان، چوونکە کۆمەڵێک کێشەی گەورەی چارەسەرنەکراوی دیکەی خۆیان لە ناو خۆیاندا هەیە کە پێویستە ئەوەڵ ئەوانە چارەسەر بکەن. نووخبەی کوردیش کە پەروەدەی ئەو کۆمەڵگایەیە و لە ژێر کارتێکەری کۆمەڵگادا ماوەتەوە، کەمتر هەنگاوی بوێرانە و کارامەی بەرەو تێکشکاندنی هەندێک داب و نەریت هەڵگرتووە. دیارە یەکەم هەنگاو هەمیشە لە خوودی مرۆڤ خۆیەوە دەسپێدەکات، ئەو کەسەی کە توانیی خۆی بگۆڕێت، ڕەنگە بشتوانێت کارتێکەری لەسەر دەور و بەری خۆی هەبێت، بەڵام ئەگەر گۆڕانەکەی بەس تیئۆریک بێت و بۆ خەڵک بێت و لە خۆی بە دوور بێت، دیارە ناشتوانێت ئاکامی ببێت.

شوێن و بوارێکی دیکەی کۆمەڵگای ئێمە کە زۆر گرنگە کار و باس و نەقدیی لەسەر بکرێت شێوەی پەروەردەیە، کە دایک و باوکەکان و تەنانەت مەکتەبخانەکان بە گشتیی زۆر بە هەڵە کار لەسەر پەروەردەی منداڵان و لاوان دەکەن. جارێ ئەوە کۆمەڵگاکەمان بۆخۆی بە شیدەت سوونەتیی و ئایینیشە، ئەمە خۆی کەم نییە، بەڵکوو نیوەی پەروەردە لێرەوە وەردەگیرێت، باقییەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ خوودی دایکان و باوکان کە منداڵان، عاتفیی، کەمجوورئەت، عەمەڵلیی، نامۆ بە لەش و جەستەی خۆیان بە تایبەت ئەندامانی "عەورەت" بار دێنن و هتد کە دیارە چاکتر وایە ناوی پەروەردە لەمانە نەنەین، چوون ئەمە هەرچی بێت، پەروەردە نییە! بەکار هێنانی وشەگەلی مەمک و قوون و کێر و کوز و گان و ئەمانە هێشتا لە ئەدەبییاتی ئێمەدا گووناهی کەبیرەن، لە هیچ زمانێکدا ئەم وشانە وەک لە کوردیدا هەیە قایم ناکرێن!!! لاوی کوڕ و کچی ئێمە بیست و چوار تا سی و پێنج ساڵییانە، هێشتا جارێک خۆشەویستیی و جارێک سێکسیان نەکردووە! ئەی ئەمە چۆن نابێتە عووقدە؟ جا چ لە کووڕانماندا بێت و چ لە کچانمان؟ تابووی پەردەی کچێنیی هێشتا لە زۆربەی زۆری بنەماڵەکانی کوردستان تەنانەت لە دەرەوەی وڵات و لە ئازادیشدا، نەشکاوە! شەرەف و نامووسی پیاوی کورد هێشتا لە ناو گەڵی ژنان دایە!! منداڵ کە یاری دەکا و دەکەوێت، جا بریندار دەبێت یا شوێنی دەشکێت، دایک و باوکیش دێن بە سەریدا شین و ڕۆڕۆ دەکەن و منداڵی بێچارە بریندار بووە و خوێنی لێ دەتکێ، لە باری ڕۆحیشەوە داغانی دەکەن بە سەر یەکدا، بە جێگای ئەوەی دایک و بابەکەی خوێنسارد بن و منداڵەکە نەتۆقێنن، بەڵکوو بە هێمنی بیگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەیەک و بیدەنە دەست دوکتۆرێکی پسپۆڕ کە بەر بە خوێنڕێژیی و شکانی زیاتر لە جەستەی منداڵەکە و بەر بە ڕووخانی کەرامەتیشی بگیرێت! منداڵ ناوێرێت بە حووڕڕی یاری بکات، ئەمەچییە جلەکانی پیس دەبێت، وەک ئەوە وابێت کە ئیتر جلیتر دەست ناکەوێت کە بۆی لەبەر کەن!

یانەخێر نابێ دەست بۆ شت بەرێت بۆ ئەوەی شتەکە لەکە دەگرێت! دوواییەش منالی بێچارە هێند دەشۆن و دەیشۆنەوە، عەمەلّلیی و وەسواسی باری دێنن، بە شێوەیەک کە بێز لە زۆر شت بکات! بەلام هێشتا فێریان نەکرددوە دەم و دانی هەموو شەوێک بشووات!! زۆر لە شتەکانمان پێچەوانن!! وەها منداڵێک کە گەورە بوو و چووە کۆمەلگا بە تایبەت کە چووە کۆمەلگا ئازادەکان، لە هیچکوێ ڕاحەت نییە و ناحەسێتەوە و پێش ناکەوێت و هتد. دیارە ئەمدیاردانە لە هەموو کۆمەلگایەک تاقە تاقە دەست دەکەون، بەلام ئەگەر زۆرینەیەک بەم شێوە بن، واوەیلانی دەوێت! ئەمانە و زۆر زۆر شتی ورد و درشتیی دیکە لە کۆمەلگای ئێمە پێویستە ئاڵ و گۆڕیان بەسەردا بهێنرێت و با کوردیش لە ئاڵ و گۆڕ نەترسێت، مەگەر نەمانووت مرۆڤ جانەوەرێکی ژیری سەیرە کە خۆی بە هەموو شتێک عادەت دەدات یا خوو بە هەموو شتێک دەگرێت، هەر وەک چۆن خووی بەو سوونەتە دەست و پێگیرانە گرتووە، ئاواش خوو بە مۆدێرنیتە و ئەقڵگەرایی دەگرێت، کە ئەمەیان شایانییەتی و پەڕ و باڵی دەکاتەوە و بیر و شووعاعی مێشک و هزری بەرفراوانتر دەکات و ئازادی دەکات، ئازاد! ئەو ئازادییە کە ئێمە دەیانساڵە هاواری بۆ دەکەین، هەر ئەوە نییە کە خاکمان بە دەست خۆمانەوە بێت و خۆمان فەرمانڕەوای چارەنووسی خۆمان بین، ئەمە تەنیا بەشێکیی ئازادییە، ئازادیی ڕاستیی و واقیعی لە ئازاد بوونی دەروونی مرۆڤدایە، دەی کەواتە با لە پێشدا خۆمان لە چنگ کۆمەڵێک زنجیر و قوودسییەت و داب و نەریت و قەید و بەندیی ناپێویست ڕەزگار کەین، ئەوجار کە باڵمان کردەوە و بیر و هزرمان بەرفراوانتر بووەوە، ئەوجار هێند ئازادین کە لە سنووری خاک و وڵات سەهلە، لە سنووریی زەوی و ئاسمانیش تێدەپەڕین، بەو شەرتەی بە ئازادییەکەمان موزاحیمی هاوڕەگەزەکانی دیکە و بوونەوەرانی دیکەی سەر زەوی و سرووشتیش نەبین! دەبا هزرمان و کار و پیشە و کردەوە و باوەڕمان ئازاد کەین، دە با بە ئەقڵ بیر بکەینەوە و نەک تەنیا بە دڵ! با بەس بگریین بۆ حاڵ و وەزعمان بەڵکوو وەزعەکە بە جورئەتەوە و بە قازانجی خۆمان بیگۆڕین، با کام دەرگا لەسەرمان داخراوە، بە شەق بیشکێنین!!

............. تەواو